The Center of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
( C.H.AK )

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u cînosaydî gelî Kurd
مركز حلبجة
لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكردي

E-mail: antigenocide@hotmail.com

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد- چاك

Tele-Fax: 0061296100010, 0031152129446, 0035897260062: تەلەفۆن/ فاکس

---

# بانگەوازێك بۆ رای گشتیی لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا

ئەورۆ لە جیهاندا کەس نەماوە ئاگاداری دڕندەیی ڕژێمی سەدام حوسێن نەبێ کە چەکی کیمیاوی لە دژی هاولاّتیانی مەدەنی ئەو ولاّتەی بە خۆی سەردارێتی دەکا بەکارهێناوە وەکو ئەو هێرشە بێ بەزییانەی لە 16 مارتی 1988 دا لە دژی دانیشتوانی سیڤیلی کوردی شاری هەڵەبجەی کوردستانی عیراق روویدا و ئاکامەکەی 5 هەزار قوربانی بوون لە ژن و منداڵ و پیری کورد و زیاتر لە 10 هەزار بریندار کە گەلێکیان لە ساڵانی دوای ئەو کارەساتە ژیانیان لە دەستداو کۆمەلێکیش تاوەکو ئەورۆ بە ئازارەکانی ئەو کردەوە نامرۆڤانییەوە ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی دەبەنە سەر . هەرچەندە ئەورۆ هەواڵ و زانیاری زۆر لە بارەی ئەو تاوانە و گەلێ تاوانی تری ئەو ڕژێمە کۆکرانەونەتەوە و لە جیهاندا بە شێوەیەکی بەربلاّو زانراون، مخابن تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ ئەوەی تاوانکاران و ئەنجامدەرانی ئەو ڕەشەکوژییە سزا نەدراون . ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی ئێمە و هەموو گەلانی عیڕاقە ئەوەیە کە ئەم تاوانانەی ڕژێم کەمترین باسیان لێوە دەکرێ و تەنها وەکو بەڵگە و بۆ پاکانەکردن بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕۆژئاوا بەرامبەر بە عیراق ناو بەناو ئاماژەیان پێدەکرێ بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێك بنرێ و سۆز و پەیمانێك بدرێ بۆ ئەوەی ئەو تاوانکارانە لە داهاتودا بدرێن بە دادگا و زیانەکانی قوربانیان و کەس و کاریان قەرەبو بکرێنەوە .

هەر لەو سەرو بەندەدا ڕژێمی بەعسی عیراقی خەریکی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تری ڕەشەکوژی بوو لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا کە بە هەموو پێوانەکان ، چ لە شێوازی نەخشە بۆکێشان و دەستنیشان کردنی ئەو گروپەی بەر شالاّوەکان کەوتن و چی بەربلاّوی کردەوەکەو ژمارەی قوربانیانی و زیانە مادی و مرۆڤانیەکانی ، دەچێتە ڕیزی کردەوەی جینۆسایدەوە کە بە (ئەنفال ) نێوی دەرکردووە .

ئەنفال کۆدێکی سەربازی عیراقی بوو بۆ زنجیرە شالاّوێکی بەربلاّو کە حکومەتی عیراق لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق ئەنجامی داوە . شالاّوەکانی ئەنفال بریتی بوو لە 8 شالاّو کە لەشەوی 22 لە سەر 23 شوباتی 1988 دەستی پێکرد و تاوەکو 6 ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو . لە ئەنجامدانی ئەنفالدا سوپای عیراق بە تایبەتی فەیلەقەکانی یەك و پێنج لە کەرکوك و هەولێر و گاردی کۆماری و هێزە تایبەتییەکان و هێزەکانی ئاسایش و سوپای بە نێو میللی و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی و مەفرەزە تایبەتییەکان بە یارمەتی هێزی ئاسمانی عیراق چالاکانە بەشدارییان کردووە . شالاّوەکان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئامۆزاکەی سەدام حوسێن عەلی حەسەن ئەلمەجید بوو کە بە عەلی کیمیاوی نێوی دەرکردووە ، کە بە گوێرەی بریاری 160 لە 29 مارتی 1987دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ، کە بەرزترین ئۆرگانی دەسەلاّتە لە عیراقدا

و سەدام حوسێن سەرۆکایەتی دەکا ، هەموو دەسەلآتەکانی سەرەك کۆماری عیراق و سەرکردایەتی حیزبی بەعسی لە کوردستان و هەموو باکوری عیراقدا پێدرابوو . هەموو دەزگا دەوڵەتی و سەربازی و ئەمنی و حیزبییەکان بە ئەلمەجیدەوە گرێدران و دەبوایە تەنها لەوەوە فەرمان وەربگرن و کرا بە فەرمانرەوای بێ سنووری کوردستان.

بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەلمەجید لە کوردستاندا لە ماوەی دوو ساڵی دەسەلآتی بێ سنوریدا بریتی بوون لە کوشتن و بێ سەر و شوێنکردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پەککەوتەو لاوی کورد ، بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و200 شوێنی تر لە کوردستاندا ، وێرانکردنی زیاتر لە دوو هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان و هەزاران قوتابخانەو مزگەوت و کەنیسە و کانی و بیری ئاو و ێستگەی کارەبا ، تالآنکردنی سەر و سامان و ڕاگوێزانی دەیان هەزار گوندنشینی کورد و هەڵتەکاندنی بنخانی ئابووری کوردستانی عیراق .

رژێمی سەدام حوسێن شالآوەکانی ئەنفالی بە نهێنی نەدەکرد بەڵکو رۆژانە سەرکردایەتی گشتی هێزە سەربازییەکانی عیراق راگەیاندنی لە بارەیانەوە بلآو دەکردەوە کە هەمیشە بە ئایەتێکی سورەتی ئەنفال دەستی پێدەکرد. هەڵبەتە رژێم توانی بە پروپاگەندەی چەواشەکاری ئامانجە راستەقینەکانی ئەو شالآوانە لە بیر و رای گشتی عیراقی و جیهانی بشارێتەوە. پشتگیری زلهێزەکانی جیهان لەو کاتە لە رژێمی سەدام حوسێن لە دژی رژێمی مەلاکانی ئێران وای لێ کردبوون چاو لە هەموو تاوانەکانی لە دژی گەلی کورد و هەموو گەلانی عیراق و ناوچەکە بپۆشن .

ئاکامەکانی شالآوەکانی ئەنفال بە راستی ترسناك بوون و بریتی بوون لە کوشتنی دەیان هەزار مرۆڤ و وێرانکردنی هەزاران گوند و زیانێکی ئابووری مەزن و بێ سەر و شوێنکردنی 182 هەزار مرۆڤی کورد کە تاوەکو ئێستاش حکومەتی عیراق هیچ زانیارییەکی لە بارەی چارەنووسیانەوە رانەگەیاندووە .

زۆر لە وردەکارییەکانی کردەوەکانی حکومەتی عیراق بە تایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد لەو ولآتە لەوانەش شالآوەکانی ئەنفال بە هۆی دەستگرتن بە سەر دەیان تۆن لە بەڵگە و دەکومێنتە رەسمییەکانی دەوڵەت لە کاتی راپەرینی ئازاری 1991 دا ئاشکرا بوون و14 تۆن لەو بەڵگانە لە ئەمریکا پارێزراون و تیشك دەخەنە سەر تاوانەکانی سەرانی ڕژێم لە دژی مرۆڤایەتی .

ڕێکخراوەی ( **Human Rights Watch** ) لێکۆڵینەوەیکی بەرفراوانی دەربارەی ئەنفال ئەنجامداو لە ڕێگەی ئەو بەڵگە و دەکومێنتانەوە و چاوپێکەوتن لە گەڵ هەندێ لەوانەی لە دۆزەخی ئەنفال ڕزگاریان بووبوو تیشکی خستۆتە سەر گەلێ لە لایەنە شاراوەکانی ئەنفال و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە کتێبی ( **Genocide In Iraq - The anfal Campaign Against the Kurds** ) لە تەمموزی 1993 لە ئەمریکا بلآوکردۆتەوە و ترسناکیی ئەم کردەوانەی رژێمی عیراقی خستۆتە بەردەم بیر و رای جیهانی.

ئەورۆ 15 ساڵ بە سەر ئەو رۆژانەدا کە دۆزەخی ئەنفال لە کوردستاندا ئەنجامدەدرا تێدەپەرێ و هێشتا چارەنووسی 182 هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد نەزانراوە و کەس و کار و خزم و دۆستانیان ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و دڵەڕاوکێ بە سەر دەبەن و تاوەکو لە بەسەرهات و چارەنووسی خۆشەویستانیان ئاگادر نەکرێنەوە و ئەنجامدەرانی ئەو دۆزەخە سزا نەدرێن ناتوانن دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەنەوە . تاوانەکانی ڕژێم لە هەڵەبجە و ئەنفال و لە دژی کوردە فەیلی و بەرزانیەکان و لە دژی عەرەبی شیعەی عیراق بەسن بۆ ئەوەی سەرانی ڕژێم دادگایی بکرێن و عیراق لە بیری نازیزم بەعسی پاك بکرێتەوە.

لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە ئەم داخوازییانە پێشکەش بە بیر و ڕای جیهانی و بەرپرسانی دەوڵەتانی جیهان دەکەین :

1 . پاراستنی گەلی کوردستانی عیراق لە بەرامبەر هەرەشەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن و سوپای تورکیا و هەموو دەوڵەتانی تری ناوچەکە .

2 . گەیاندنی کەرەسە و ئامێرەکانی خۆپاراستن لە دژی هێرشی چەکی کیمیاوی و بیۆلۆژی بۆ کوردستان و دابەشکردنی بەسەر هەموو دانیشتواندا .

3 . کردەوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بە تاوانی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی جیهانەوە ڕابگەیەنرێن .

4 . دامەزراندنی دادگای تاوانکارانی جەنگ لە عیڕاق بۆ دادگاییکردنی بەرپرسان و ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ و جینۆساید و لە دژی مرۆڤایەتی لەو وڵاتە ودادگاییکردنی عادیلانەی تاوانکارانی ئەنفال لە هەر شوێنێك دەستی دادوەرییان پێ دەگات

5 . هەموو ئەو کۆمپانیانەی یارمەتی ڕژێمی عیراقیان داوە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی بدرێنە دادگا و ناچار بکرێن زیانە مادییەکان و ڕۆحییەکانی قوربانیانی هێڕشی کیمیاوی عیڕاق و خزمەکانیان قەرەبوو بکەنەوە و ئەو ناوچانەی بەر هێرشی کیمیاوی کەوتوون پاك و ئاوەدان بکەنەوە .

6 . ڕاگەیاندنی ڕۆژانی 16 / 3 و 14 / 4 وەکو ڕۆژانی خەمگینی و یادکردنەوەی قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کوردستاندا و ڕاگەیاندنی ڕۆژی 16 / 3 وەك ڕۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردن و داماڵینی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد–چاك**

2003 / 2 / 22